زۆرترین نزای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بریتی بوو لە: «رَبَّنَا آتِنَا فِي الدُّنْيَا حَسَنَةً، وَفِي الْآخِرَةِ حَسَنَةً وَقِنَا عَذَابَ النَّارِ»

لە ئەنەسەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: زۆرترین نزای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بریتی بوو لە: «رَبَّنَا آتِنَا فِي الدُّنْيَا حَسَنَةً، وَفِي الْآخِرَةِ حَسَنَةً وَقِنَا عَذَابَ النَّارِ» واتە: «خودایە چاکەمان پێ ببەخشە لە دونیا ولە قیامەتدا، وبمانپارێزە لە سزای دۆزەخ».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- زۆر جار نزای گشتگیری دەکرد، لەوانەش: «رَبَّنَا آتِنَا فِي الدُّنْيَا حَسَنَةً، وَفِي الْآخِرَةِ حَسَنَةً وَقِنَا عَذَابَ النَّارِ» واتە: «خودایە چاکەمان پێ ببەخشە لە دونیا ولە قیامەتدا، وبمانپارێزە لە سزای دۆزەخ». ئەم نزایە هەموو چاکەیەکی دونیا لەخۆ دەگرێت لە ڕزقی پاك وفراوان وحەڵاڵ، وهاوسەرێکی چاك، وئەو منداڵانەی چاوەکان پێیان ئۆقرە دەگرێت، وئارامی وهێمنی، وزانستی بەسوود، وکردەوەی چاك، وهاوشێوەی ئەمانە لە شتە داواکراوە خۆشەویستەکان لەلای مرۆڤ کە ڕێگەپێدراون، وچاکەی قیامەت بریتیە لە سەلامەت بوون لە سزای گۆڕ وڕۆژی لێپرسینەوە ودۆزەخ، وبردنەوەی نیعمەتی بەردەوام لە بەهەشت، ونزیکی لە پەروەردگاری میهرەبان.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5502